بیست و پێنج تەن لە دەشاوی تەماتەی کوردستان ڕەوانەی ئەمریکا کرا

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە درێژەی دەزیندەوەی بازاڕ بە بەرهەمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان و ساغکردنەوەی بڕووبووم کشتوکاڵییەکانیان، 25 تەن دەشاوی تەماتەی هەرێر، هەناردەی ئەمریکا کرا.

ئەمرو شەممە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان باڵاویکردەوە، "لە ناوەوە و دەرەوە بازاڕ بە بەرهەمی جووتیاران دەدەزیندەوە و بە یەکەمجار 25 تەن لە" دەشاوی تەماتەی هەرێر" هەناردەی ئەمریکا کرا"، وەک بەشێک لە پلانە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران هەروەک چۆن باسی لێوە کرا، هەروەها هاتووە، کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا 200 هەزار تەن بەرهەمی پێتاتە زیادیکردووە و ئەمساڵیش گەیشتووەتە نزیکەی 600 هەزار تەن کە داهاتێکی بە 500 ملیۆن دۆلار دەخەمێنێت.